بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان


ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٧٤) چاپی یەکەم ساڵی حەوتەم ٢٥ / ١٠ / ٢٠٠٧ زاینی (١١)ی ڕەزبەر ٢٧٠٧ کوردی (٢١)ی ڕەمەزانی ١٤٢٨ کۆچی


لەم ژمارەیەدا :

74


✵ یاسای ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٠٧ ١

یاسای وەزارەتی داد لە هەرێمی کوردستان–عێراق.

✵ بڕیاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ ٧

لکاندنی چەند گوندێکی ناحیەی عەنکاوە بە ناحیەی بەحرکە.

✵ بەیان وەزارەتی شارەوانی ٨

کردنەوەی شارەوانی زەلان بۆ ناحیەی زەلان .

✵ بەیان وەزارەتی شارەوانی ٨

گۆڕینی پلەی شارەوانی سەروچاوە لە پلە ٤ بۆ پلە ٣ .

✵ بەیان وەزارەتی شارەوانی ٩

کردنەوەی شارەوانی نەفت خانە لە قەزای خانەقین

✵ بەیان (٦و٧) وەزارەتی داد ١٠

◈ گواستنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی دوکان بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی ڕانیە.

◈ کردنەوەی دادگای بەرایی لە قەسرۆك .

✵ ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ١١

تایبەت بەئاسانکاری بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی٢٠٠٧ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.


نرخی (٧٥٠) دینارە


ناونیشان: هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:waqaea@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

| العدد ( ٧٤ ) | طبعة الاولى | السنة السابعة | ٢٠٠٧/١٠/٢٥م | ( ١١ ) رەزبەر ٢٧٠٧ ك | ( ٢١ ) رمضان ١٤٢٨ هـ |
|---|---|---|---|---|---|

## في هذا العدد :

**قانون رقم ( ١٣ ) لنسة ٢٠٠٧** ١٤

قانون وزارة العدل لأقليم كوردستان–عراق

**تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٧ لوزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين** ١١

لتسهيل تنفيذ قانون رقم(٩) لسنة ٢٠٠٧ قانون حقوق وامتيازات ذوي الشهداء والمؤنفلين لاقليم كوردستان – العراق

**بيان لوزارة البلديات** ٢٠

استحداث ( بلدية نفط خانة ) في قضاء خانقين و العائدة الى محافظة السليمانية و بالدرجة الرابعة.

سعر ( ٧٥٠ ) دينار

اربيل – بناية وزارة العدل.

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail: waqaea@yahoo.com

بــەنـــاوی خـــوای بەخشندە و مـیهرەبـــان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەنـــاوی گـەلـــەوە**

**بـــــڕیــــار**

**ژمــــارە ( ٢٩ ) ســــاڵـــی ٢٠٠٧**

**یــــاســـای وەزارەتـــی داد لـە هــەرێـــمی کـــوردســـتـان ـ عــــێراق**

به پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو به یاسای ژمارە (٢ ) ساڵی ٢٠٠٦پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەو پێداچونەوەیەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یــاســـای ژمــــارە ( ١٣ ) ی ســــاڵـــی ٢٠٠٧
## یـــــاســـــای وەزارەتــــی داد لــــە هـــەرێـــمی کـــــوردســــتان ـ عـــێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم : هەرێم** : هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم : وەزارەت** : وەزارەتی دادی هەرێم.

**سێیەم : وەزیر** : وەزیری دادی هەرێم .

**چوارەم : بریکاری وەزارەت** : بریکاری وەزارەتی داد.

**پێنجەم : ئەنجومەن** : ئەنجومەنی وەزارەتی داد.

## ئـــامـــانج و ئـــەرکــــەکــــانـــی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم** : ئامانجی وەزارەت بەدیهێنانی دادپەروەرییە لە هەرێم و پاراستنی مافی هاووڵاتیانە لـە ڕێگـەی جێبەجێ کردن و ئامادەکردنی یاساکان و ڕێزگرتن لە ناوەڕۆکەکانیان بە جۆرێکی وا بەرگری لـە مافی مرۆڤ بکـات و لەگـەڵ جاڕنامـەی گـەردوونی مـافی مـرۆڤ و عەهـد و پەیمانـە نێودەوڵەتییـە پەیوەندیدارەکان پێیەوە بگونجێ.

**دووەم** : وەزارەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

١– بـە یاسـا کـردن و سـەیرکردنی ناکۆکییـە کـارگێڕی و دادوەرییـەکان و دەسـتەبەر کردنـی یـەکێتی یاساکاریی و دەربڕینی بیروڕا لەبارەی کاروباری یاسایی بۆ کوردستانی عێراق و دەزگاکانی.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢– تۆمارکردنی تەسەروفی خانووبەرە و حوکمەکانی دادوەریی لەبارەی مافی عەقاری و ڕیکخستن و بەهێز کردنی تەسەروفی یاسایی و چەسپاندنی ئەو مافانەی لێیەوە دروست دەبن و سیفەتی فەرمیان بخرێتە سەر.

٣– چاودێری کردنی کاروباری ناکامان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و مرۆڤایەتیەوە بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

٤– پاراستنی دەسکەوتەکانی مافەکانی هەرێم و مافی هاووڵاتیان و ئاسانکاریی کردنی ڕێکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکان و بڕیارەکان.

٥– ئامادەکردنی پلانی تایبەت بە وەزارەت و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنەکەی.

٦– دەرکردن و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ دابین کردنی ئاگاداری فەرمانگە و دەزگاکانی هەرێم و هاووڵاتیان لە یاساکارییە دەرچووەکاندا.

٧– ئامادەکردن و شیاندنی دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و کادیری یاسایی بۆ کارمەندانی وەزارەت و فەرمانگە و دەزگاکانی دیکەی هەرێم.

٨– پێداچوونەوە و وردبینی کردن و پشکنینی تۆمارەکانی وەزارەت و هەموو فەرمانگەکانی، بۆ دابین کردنی دادوەریی و دەستپاکی و شیاویی لە جێبەجێ کردنی کار و چالاکیەکانی دا.

٩– بەستنی کۆبوونەوە لە گەڵ دادوەرەکان بە دادوەرەکانی دادگای تەمییز و کارمەندانی فەرمانگەکانی دیکەی دادەوە، بۆ دەستەبەرکردنی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت.

١٠– هەماهەنگی کردن لە گەڵ ئەنجومەنی دادوەریی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی پیادەکردنی یاساکان و بەدیهێنانی دادپەروەریی و ئامانجەکانی وەزارەت.

١١– بەشداریکردن لە نرخاندنی یاسا کارپێکراوەکان بۆ زانینی ڕادەی گونجانی لەگەڵ واقعی پەرەسەندوو و پەیوەندیی بە مافی گشتی و بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردستانییەوە.

١٢– لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان و بەشداریکردن لە چاودێری کردنی دیاردەی تاوانکردن و ناکۆکیەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان بە هاوکاریکردن لە گەڵ فەرمانگەکانی دیکەی پەیوەندیدار لە هەرێمدا.

١٣– هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە دادیەکانی دەوڵەتی فیدرالی بۆ وەرگرتنەوەی تاوانکاران وجێبەجێکردنی حوکم وبڕیارەکانی دادوەری.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:–

**یەکەم: وەزیر:** سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنیان و بە سەرپەرشتی ئەویش هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بە هەرچی پەیوەندی بە ئەركی وەزارەت و پێكهاتەكانی و دەسەلاّت و هەموو كاروبارە یاسایی و هونەریی و دارایی و كارگێری و رێكخستنەوە هەیە جێبەجیّ دەكرێن بە پێی حوكمەكانی یاسا و بەرپرسیشە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندیّ لە دەسەلاّتەكانی بداتە بریكاری وەزارەت یان بەرێوەبەر گشتیەكان یاخود ئەوەی بە گونجاوی دەزانیّ لە وەزارەتدا.

**دووەم: بریكاری وەزارەت:** یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەكردنی وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروباری یاسایی و هونەریی و دارایی و كارگێریی و رێكخستن لە چوارچێوەی ئەو دەسەلاّتەی كە لە لایەن وەزیرەوە پێی دەدریّ بە مەرجێك بڕوانامەی بەرایی زانكۆی لە یاسادا هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت كە لە پانزدە سالّ كەمتر نەبێت.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی لە یاسا هەبێت و چەند فەرمانبەرێكیش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم: نووسینگەی بریكاری وەزارەت:** فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر بەرێوەی دەبات كە بڕوانەمەی بەرایی زانكۆی لە یاسا هەبێت و چەند فەرمانبەرێكیش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: بەریوەبەرایەتی گشتی داد:** بەرێوەبەرێكی گشتی بەرێوەی دەبات كە دەبیّ دادوەر بێت و بەلایەنی كەم دەبیّ لە سنفی دووەم بێت.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەی دادوەری:** بەڕێوەبەرێكی گشتی بەرێوەی دەبات كە دەبیّ دادوەر بیّ لە سنفی یەكەم.

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم:** دەزگاكانی داد لە مانە پێكدیّ:

١– ئەنجومەنی راوێژكاری.

٢– دەستەی سەرپەرشتی دادیی.

٣– داواكاری گشتی.

٤– بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی خانووبەرە.

٥– بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەكانی داد: بەڕێوەبەرێكی گشتی كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت لە یاسا و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت بەرێوەی دەبات و ئەمانەی خوارەوەی پێوەی دەلكێن:

**أ**– بەرێوەبەرایەتیەكانی جێبەجیّ كردن (تنفیذ).

**ب**– فەرمانگە دادنووسیەكان.

**ج**– بەرێوەبەرایەتییەكانی چاودێری ناكامەكان.

**د**– بەرێوەبەرایەتی رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان).

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم:** دەزگاکانی داد ئەرك و تایەبتمەندیەکانی خۆیان بەپێی یاسا تایبەتیەکانیان جێبەجێ دەکەن بەجۆرێکی وا کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن.

## ماددەی پێنجەم:

**یەکەم:** ئەنجومەنێك لە وازارەت پێکدێ پێی دەگوترێ (ئەنجومەنی وەزارەتی داد) و لە مانە پێکدێ:-

١- وەزیر : سەرۆك.

٢- بریکاری وەزارەت : ئەندامە و لە کاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

٣- سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاری : ئەندامە.

٤- سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی دادی : ئەندامە.

٥- سەرۆکی داواکاری گشتی : ئەندامە.

٦- بەڕێوەبەری گشتی داد: ئەندامە.

٧- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکانی داد: ئەندامە.

٨- بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەی دادوەری: ئەندامە.

٩- بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانوو بەرە: ئەندامە.

**دووەم:** ئەنجومەن لە مانگێکدا جارێك کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەستێ و سەرۆك بۆی هەیە بە شێوەیەکی نائاسایی داوای بەستنی بکات هەر کاتێك پێویستی بەوە هەبوو.

**سێیەم:** ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی سەرۆك یان جێگرەکەی لە کاتی ئامادەنەبوونی و بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان کۆدەبێتەوە و بریارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەچێ و لە کاتی یەکسانی بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە سەرۆکی لە گەڵدایە.

**چوارەم:** ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێ کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لە یاسادا هەبێ، کاروباری ئەنجومەن رێك دەخات و خشتەی کارەکانی ئامادە دەکات و بە ئەندامەکانی رادەگەیەنێ و ئەو قەزییانە پوخت دەکاتەوە کە خراونەتە بەردەمی لە گەڵ گەیاندنی بڕیارەکانی داو چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

## ماددەی شەشەم:

ئەنجومەن ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ :-

**یەکەم** : دانانی سیاسەتی گشتی وەزارەت و دەرخستنی ئامانجەکان و پلانی ساڵانەی لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایە و دەستنیشانکردنی بنەما یاسایی و کارگێریی و دارایی و ئابووری و هونەری کە دەیەوێ لە وەزارەتدا پەیڕەو بکرێت بە جۆرێکی وا سیاسەتی حکومەتی هەرێم دەربڕێ و ئەوەی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بە باشی دەزانێ لە راسپاردەکان لە بارەیەوە پێشکەش بکات.

**دووەم** : ئامادەکردنی بودجەی وەزارەت و میلاکەکانی و پێشکەش کردنی ئەو راسپاردانەی بە باشی دەزانێ لە بارەیانەوە.

**سێیەم** : پێکهێنانی لێژنەی هەمیشەیی یان کاتی لە ناو ئەندامانی ئەنجومەن بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشنیازەکان و ئەو کێشانەی کە رێگە لەبەر دەم کاری دەزگاکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی دەگرن یاخود بۆ ئەنجامدانی هەندێ لەو کارانەی کە پێی سپێردراوە و لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی کە وەزیر دەیان نێرێ.

**چوارەم** : لێکۆڵینەوە لەو پرۆژە یاسایانەی کە وەزارەت بەنیازە پێشنیازیان بکات.

**ماددەی حەوتەم:**

سەرۆکەکان و دادەورەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە (استئناف) لە هەرێمدا لە رووی کارگێریی و رێکخستنەوە بە وەزارەت دەبەسترێنەوە بە مەبەستی هەماهەنگی و رێکخستنی کاروباری کارگێریی و دادگاکان و دەزگا دادییەکان ئەمەش بەرێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەکرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە دادوەر ئینتیداب بکات بە دادوەری تەمییزیشەوە بۆ سەرۆکایەتی یەکێك لە دەزگاکانی وەزارەتی داد ئەویش بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** ئەرك و پسپۆرایەتیی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەسنیشان دەکرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەرێوەبەرایەتی دیکە یان بەش یاخود هۆبەی وەزارەت لە نوێ دابنێ یاخود لێك بدات یاخود هەڵوەشێنێتەوە بە پێی پێویستی کارەکان لە کاتی پێویستدا.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی دەیەم:**

یاسای (وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان– عێراق)ی ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٢ و هەموارکراوەکانی هەڵدەوەشێتەوە و پێڕە و رێنماییەکانی کە بەپێی ئەو یاسایە دەرچوون دەمێننەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن تاکو دەرچواندنی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە یان هەڵوەشاندنەوەیان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی یازدەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی دوازدەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێزدەم:**

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی دەرچـوونیەوە جێبـەجێ دەکرێـت و لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**
**٥/ ڕەزبـەر/٢٧٠٧ کـوردی**
**٢٧ / ئەیلول /٢٠٠٧ زایـنی**
**١٥ / ڕەمەزان /١٤٢٨ کۆچی**

**- هۆیە پێویستیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -**

لە پێناو پتەوکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دادوەری وڕێزگرتن لە ماف وئازادیەکان و، بە مەبەستی پێویستی پەرەپێدانی دەزگاکانی داد سەبارەت بەوەی کە بەرپرسیەتی لە ئەستۆ دایە بۆ بەدیهێنانی دادوەریی، بۆیە پێویستی وای خواست دووبارە هەیکەلی وەزارەتی داد لەسەر بنەمایەکی نوێ دابمەزرێتەوە تاکو بتوانێ ئەرکە یاسایی ودادیەکانی خۆی جێبەجێ بکات وکاری دادوەری لێ جیابکاتەوە بەو ناوەی بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەگەڵ دۆزینەوە جۆرێك لە هەماهەنگی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

وپەیوەستی لە نێوان وەزارەت ودەسەلاّتی دادوەریی وبە مەبەستی دابینکردنی بنەمای سەروەیی یاسا وپەرەپێدانی پیادەکردنی یاساکان ولەسەر رێنمایی ئامانجەکانی سەرەوە بۆ دابین کردنی ئەمانە ، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**

**ژمارە :١٢٤١٠**

**رێکەوت:٢٠٠٧/٩/٢٦**

## بریار

ئامـــاژە بەبرگـــەی (٢)لـــە مـــادەی (٦) لەیاســـایی پارێزگاکـــان ژمـــارەی (١٥٩ی ســـاڵی ١٩٦٩) ولەسەرپێشنیاری هەردوو ناحیەی عنکاوە و بحرکە وە بە پێی ئەو دەسەلاّتەی هەمانە بڕیارماندا بە:

**لکاندنی ئەو گوندانە( گرد جوتیار – گەزنە – کەرك – کۆمەڵگای پیرزین – گوندی پیرزین – زەرزویان – زورگەبات ) لەناحیەی عەنکاوە و بەستنی بە ناحیەی بەحرکە.**

**کریم سنجاری**
**وەزیری هەرێم بۆکاروباری ناوخۆ**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی شارەوانی**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**
**ژمارە:**
**ڕێکەوت :٢٠٠٧/٩/٢٤**

## بەیان

لەبەر کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی ئەو ئاگادارییەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرابووەوە لە ژمارە ٤٣٠٣ لە ٢٠٠٧/٦/٢٥ ولەبەرنەبوونی هیچ سکاڵایەك یان ڕەخنەیەك لەهیچ لایەنێك لەماوەی یاسایی کە (٣٠) سی ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە بەپێ ی مادە(٦) شەشەم لەیاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣ ی هەموارکراو وە بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە مادەی (٧) حەوتەم لەیاسای سەرەوە بڕیارماندا بە:

**١.کردنەوەی شارەوانی (زەلان) بۆناحیەی (زەلان) کەسەربە پارێزگای سلێمانی یەو بە پلەی چوارەم.**
**٢. ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.**

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**

---

**وەزارەتی شارەوانی**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**
**ژمـــارە : ١٢٧٢٦**
**ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٩/٣٠**

## بەیان

لەبەربەرژەوەندی گشتی و زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوانی شارۆچکەی سەروچاوە بۆ (٩٢٢٧) کەس وەبەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە گوێرەی ماددەی (١٠) دە لەیاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە/٦ ساڵی ١٩٩٣ هەموارکراو بڕیارماندا بە:

**١- گۆرینی پلەی شارەوانی سەروچاوە لە پلەی (٤) چوار بۆ پلەی (٣) سێ .**
**٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**

www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی شارەوانی**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**

**ژمـــارە : ١٣٠٤٣**
**ڕێکەوت :٢٠٠٧/١٠/٧**

# بەیان

لەبەر کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی ئەو ئاگاداریەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرابووەوە لە ژمارە (٤١٥٨ ) لە ٢٠٠٧/٥/٣٠ و لەبەرنەبوونی هیچ سکاڵایەك یان ڕەخنەیەك لەهیچ لایەنێك لەماوەی یاسایی کە (٣٠) سی ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە بەپێ ی مادە(٦) شەشەم لەیاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣ ی هەموارکراو وە بەپێ ی ئەم دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە مادەی (٧) حەوتەم لەیاسای سەرەوە بڕیارماندا بە:

**١– کردنەوەی ( شارەوانی نەفت خانە ) لە قەزای خانەقین کەسەربە پارێزگای سلێمانی یـە و بەپلـەی چوارەم.**

**٢– ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).**

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەری دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان

ژمارە : ١٥٣٢/٣
ڕێکەوت: ٢٠٠٧/٩/٢٧

## بەیان﴿ ٦ ﴾

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بە مادەی (٣٦) ی یاسایی ژمارە (٤٣) ی ساڵی (١٩٧١) ی هەموارکراوی تۆمارگای خانوبەرە بڕیارماندا بە **گواستنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی دوکان بۆسەر بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای خانوبەرەی رانیە.**

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**

---

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەری دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان
ژمارە : ١٦٤٩/٦
ڕێکەوت: ٢٠٠٧/١٠/٢٤

## بەیان﴿ ٧ ﴾

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە پێ ی مادەی (١٨) لە یاسایی دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤) ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموارکراو بڕیارماندا بە **کردنەوەی دادگای بەرایی لە ناحیەی قەسرۆك سەربە پارێزگای دهۆك.**

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان
## نوسینگەی وەزیر

ژمارە:١٨٣
ڕێکەوت : ٢٠٠٧/٩/٢٧

# ڕێنمای ژمارە (١ )ساڵی ٢٠٠٧

تایبەت بەئاسانکاری جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی٢٠٠٧ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ،پشت بەو دە سەلاَتەی کە پێمان دراوە بەپێی مادده (٨ )ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق – ژمارە (٩)ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ماددەی یەکەم :**

ئەوانەی حوکمەکان ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە بە بەڵگەنامەی فەرمی دەسەلمێنرێن ، ئەگەرنەبوو بەڕێگای یاسایی دیکە لەبەردەم لیژنەی تایبەت و دادگاکاندا دەسەلمێنرێ٠

**ماددەی دووەم :**

لەهەربەرێوەبەرایەتیەکی کاروبارە شەهیدان و ئەنفالکراوەکاندا لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی و ئەندامیەتی ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکە ، کە ژمارەیان لە (٤) ئەندام کەمتر نەبێ پێك دێ.بۆئامادەکردنی مامەڵەی شەهیدان و جینۆسایدکراوەکان و لێکۆڵینەوە لەسەریان ، بەلاَم دەسەلاَتی بڕیاردان تەنها بۆوەزیر دەگەڕێتەوە٠

**ماددەی سێیەم :**

بڕیارەکانی ئەولیژنانەی کە لەبەرێوەبەرایەتیەگشتیە ناوبراوەکانی سەرەوە پێك هاتوون لەبەردەم لیژنەی تایبەت لەدیوانی وەزارەت بەپێی مادەی (حەوتەم/یەکەم) لەیاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ پێك هاتووە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لەڕۆژی ڕەتکردنەوەی داخوازیەکە بەر(تانە) لێدان دەکەوێت٠

**ماددەی چوارەم:**

بۆهەرکەسێکی خاوەن بەرژەوەندی هەیە پەنا بەرێتەبەردادگای باری کەسێتی بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە حکومەکانی یاسای ژمارە(٩) ساڵی ٢٠٠٧ و حکومەکانی ئەم ڕێنماییە دەیگرێتەوە ،وەبڕیارەکانی ئەم

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

دادگایانەش لەبەردەم دادگای پێداچوونەوە(تمیز) هەرێمی کوردستان– عێراق لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی پێراگەیاندنەوە بەر(تانە) لێدان دەکەوێت.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** مووچەی باوك و دایك و ژنی شەهید و جینۆسایدکراوەکان هەتا لەژیاندا مابن خەرج دەکرێت، ئەگەر جێگرەوەی (وارس) شەرعی نەبێت وپاش مردنیان بۆگەنجینەی هەرێم دەگەڕێتەوە.

**دووەم :** موچەی کورە شەهید تا تەمەنی بیست و چوارساڵی یاخود تا تەواوکردنی خوێندن خەرج دەکرێت.

**سێیەم:** موچەی کچە شەهید تادامەزراند لە یەکێك لەناوفەرمانگەکانی هەرێم خەرج دەکرێت.

**چوارەم:** موچەی براوخوشکی شەهید وجینۆسایدکراوئەگەر منداڵی نەبێت وباوکی ودایکی نەما بێت بەم شێوەیە خەرج دەکرێت .

١– برا تا تەمەنی بیست وچوارسال یان تەواوکردنی خوێندن.

٢– خوشك تادامەزراندنی لەیەکێك لە فەرمانگەکانی هەرێم.

**پێنجەم:** موچەی منداڵە پەککەوتوەکان یا ئەوانەی توانای کارکردنیان نیە بەدەر لەومەرجانەی لەم ڕێنماییەدا هاتوە خەرج دەکرێت ئەمەش بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی کە لە لایەنێکی پزیشکی پسپۆرەوە دەرچوبێت.

**شەشەم:** لەکاتی بڕینی موچەی یەکێك لەوانەیکە حکومەکانی ئەم ڕێنماییە دەیگرێتەوە ،چەندی بەردەکەوێت دەخرێتەسەرموچەی ئەوانی دیکە،ئەمەش لە ڕۆژی جێ بەجێ کردنی یاسایی ژمارە(٩)ساڵی ٢٠٠٧ .

**حەوتەم :** بەشێوەی یەکسان ئیستیحقاقی دارایی بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش دەکرێت کە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە ماددەی شەشەم بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧

**ماددەی شەشەم:**

منداڵی قوربانیانی کۆمەڵکوژی لە بڕگە(٢،٣)لە ماددەی پێنجەم دەبوردرێن

**ماددەی حەوتەم:**

منداڵی قوربانیانی کۆمەڵکوژی لەحوکمەکانی بڕگەی (٢،٣)لەماددەی پێنجەم دەبوردرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

موچەی کوریان کچە تاقانەی شەهید هەتا هەتایە خەرج دەکرێت .

**ماددەی نۆیەم:**

ژنانی شەهید و جینۆسایدکراوەکان هەمان ئەو ماف و ئیمتیازاتەیان هەیە،کەبۆ یەك ژن بڕیاری لەسەردراوە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دەیەم:**

پارچە زەوییەك یان یەكەیەكی نیشتەجێ بوون بـۆژن ومندالـەكانی شـەهیدو جینۆسـایدكراوەكان تـەرخان دەكرێت٠

**ماددەی یازدەم:**

خوشك و براكانی شەهید یان جینۆساید كراو حوكمەكانی ئـەم ڕێنماییـەیان لێ دەبڕدرێـت ، كـە دەركـەوت شەهید دایك و باوكی ماوە لەژیان یان مندالّی هەیە لە هەمووكاتێك باوان و مندالّ و دەبێتە حەجبی٠

**ماددەی دوانزەم:**

پێشینەی ژن هێنان بە مندالآنی شەهیدی خەباتگێڕ و جینۆسایدكراو بەبڕی ﴿ ١٠٠٠٠٠٠ ﴾ یەك ملێون دینار بۆ تەنها یەكجار دەدرێت٠

**ماددەی سیانزدەم:**

١- كـوڕ وكـچی شـەهیدانی خـەباتگێر و جینۆسـایدكراو لەكۆلێـژەكانی ئێـواران یـان قوتابخانـەكانی سەربەحوكمەتی هەرێمی كوردستان _عیراق دەخوێنن لە ڕسوماتی سالآنەی خوێندن دەبەخشرێن٠
٢- ئەوانەی كارمەندی حوكمەتن و لە ڕووداوی تیرۆرستیدا شـەهید دەبـن موچـەكانیان بـەپێی دوا بڕوانامـەی مووچـە ١٠٠٪ دەبێـت هـەروەها ئەوانـەی كـە هـاولآتین و تـیرۆر دەكـرێن وەك شـەهیدی هـاولآتی هـەژمار دەكرێن٠
٣- بەخێوكەری دایك و باوكی پەك كەوتەی شەهیدی خەباتگێڕ و جینۆسایدكراوبڕی﴿ ٧٥٠٠٠ ﴾ تەنها حەفتا و پێنج هەزاردیناری پێ دەدرێت بەمەرجێك ئاستی پەككەوتەكەی لەلایەن پزیشكی پسپۆڕەوە بە ڕێژەی ٦٥٪ دیاری بكرێت٠

**ماددەی چواردەم:**

كـەس و كـاری شـەهیدانی خـەباتگێڕ و جینۆسـایدكراو لـەپارەی نـۆرین لـە نەخۆشـخانە و یەكـە تەندروستیەكانی ناو هەرێم دەبوردرێن٠

**ماددەی پانزدەم:**

مامەڵەی تەنازول لەزەوی و زاری بەمیرات بە جێماوەكە لـە نێـوان مـستەحەقەكانی پاشمـاوەی شـەهیدی خەباتگێڕ و جینۆسایدكراو لەڕەسمەكانی تۆماری عقاری دەبوردرێن ٠

**ماددەی شازدەم :**

لەو ڕۆژەوە كـــار بەم ڕێنماییەوە دەكرێت كە لەڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان بلآودەبێتەوە٠

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان

**چنار سعد عبدالله**

www.mojkurdistan.com

وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ٢٩ ) لسنة ٢٠٠٧**
**قانون وزارة العدل لاقليم كوردستان ـ العراق**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل بقانون رقم (٢ ) لسنة ٢٠٠٦ و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق وما أجراه من تعديلات قررنا إصدار:

## قانون رقم ( ١٣ ) لسنة ٢٠٠٧
## قانون وزارة العدل لاقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الأولى:ـ**

يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

**أولاً**: الاقليم : اقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً**: الوزارة : وزارة العدل للاقليم.

**ثالثاً**: الوزير: وزير العدل للاقليم.

**رابعاً**: وكيل الوزارة : وكيل وزارة العدل.

**خامساً**: المجلس : مجلس وزارة العدل.

**اهداف ومهام الوزارة**

**المادة الثانية:**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**أولاً**: تهدف الوزارة الى تحقيق العدالة في الاقليم وحماية حقوق المواطنين عن طريق تطبيق وإعداد القوانين واحترام مضامينها بما يحقق الدفاع عن حقوق الانسان وينسجم مع الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهود والمواثيق الدولية المتعلقة بها.

**ثانياً**: تتولى الوزارة لتحقيق اهدافها المهام الآتية:

١- التقنين والنظر في المنازعات الادارية والقضاء الاداري وضمان وحدة التشريع وابداء الرأي في الامور القانونية لكوردستان ـ العراق و اجهزتها.

٢- تسجيل التصرفات العقارية والاحكام القضائية على الحقوق العقارية وتنظيم وتوثيق التصرفات القانونية وتثبيت الحقوق الناشئة عنها واضفاء الصفة الرسمية عليها.

٣- رعاية شؤون القاصرين من النواحي الاجتماعية والثقافية والتربوية والانسانية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

٤- حماية مكتسبات حقوق الاقليم وحقوق المواطنين وتبسيط اجراءات تنفيذ الاحكام والقرارت.

٥- اعداد الخطط الخاصة بالوزارة ومتابعة تنفيذها.

٦- اصدار ونشر وتوزيع الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) باللغتين الكوردية والعربية لتأمين اطلاع اجهزة ومؤسسات الاقليم والمواطنين على التشريعات الصادرة .

٧- اعداد وتأهيل القضاة وأعضاء الادعاء العام والكوادر القانونية لمنتسبي الوزارة واجهزة ومؤسسات الاقليم الاخرى.

٨- مراجعة وتدقيق وتفتيش سجلات الوزارة واجهزتها كافة لضمان العدالة والنزاهة والكفاءة في اداء اعمالها ونشاطاتها.

٩- عقد الاجتماعات مع القضاة بما فيهم قضاة محكمة التمييز ومنتسبوا اجهزة العدل الاخرى بما يكفل تحقيق اهداف الوزارة.

١٠- التنسيق مع مجلس القضاء والجهات ذات العلاقة بهدف تطبيق القوانين وتحقيق العدالة واهداف الوزارة.

١١- الاسهام في تقييم القوانين النافذة لمعرفة مدى مطابقتها للواقع المتطور ومساسها بالحق العام ومصالح المجتمع الكوردستاني.

١٢- دراسة الظواهر الاجتماعية المختلفة والاسهام في رصد ظاهرة الاجرام والمنازعات وكيفية معالجتها بالتعاون مع الاجهزة الاخرى ذات العلاقة في الاقليم.

١٣- التعاون مع الجهات العدلية في الدولة الاتحادية لتسليم المجرمين وتنفيذ الاحكام والقرارات القضائية.

**المادة الثالثة :** **(تشكيلات الوزارة)**

ئـــــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:**

**أولاً: الوزير**: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياساتهاوالاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها القانونية والفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.

**ثانياً :وكيل الوزارة**: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها القانونية والفنية والمالية والادارية والتنظيمية ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية في القانون ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن خمسة عشرة سنة.

**ثالثاً**: **مكتب الوزير**: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون ويعاونه عدد من الموظفين.

**رابعاً**: **مكتب وكيل الوزارة**: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون ويعاونه عدد من الموظفين.

**خامساً: مديرية العدل العامة** : يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون قاضياً من الصنف الثاني على الاقل.

**سادساً: المديرية العامة للمعهد القضائي** : يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون قاضياً من الصنف الاول.

**المادة الرابعة:**

**أولاً**: تتألف اجهزة العدل من:ـ

١– المجلس الاستشاري.

٢– هيئة الاشراف العدلي.

٣– الادعاء العام.

٤– مديرية التسجيل العقاري العامة.

٥– المديرية العامة للدوائر العدلية: يتولى ادارتها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية في القانون ومن ذوي الخبرة والممارسة وترتبط بها:

أ–مديريات التنفيذ.

ب– دوائر كتاب العدول.

ج– مديريات رعاية القاصرين.

د– مديرية الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

**ثانياً**: تمارس اجهزة العدل مهامها واختصاصاتها وفق القوانين الخاصة بها بما لا يتعارض مع أحكام هذا القانون.

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسة:**

**أولاً**: يشكل في الوزارة مجلس يسمى بـ (مجلس وزارة العدل) ويتكون من :ـ

١– الوزير / رئيساً.

٢– وكيل الوزارة / عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

٣– رئيس المجلس الاستشاري / عضواً.

٤– رئيس هيئة الاشراف العدلي / عضواً.

٥– رئيس الادعاء العام / عضواً.

٦– مدير العدل العام / عضواً.

٧– مدير عام الدوائر العدلية / عضواً.

٨– مدير عام المعهد القضائي /عضواً.

٩– مدير عام التسجيل العقاري / عضواً.

**ثانياً**: يعقد المجلس اجتماعاً اعتيادياً مرة واحدة في الشهر وللرئيس دعوته للانعقاد بصورة استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**ثالثاً**: ينعقد المجلس برئاسة الرئيس او نائبه عند غيابه وبحضور ثلثي اعضائه ويتخذ قراراته بأغلبية الاعضاء الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

**رابعاً**: يكون للمجلس سكرتير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون ويتولى تنظيم اعمال المجلس وتحضير جدول اعماله وتبليغها الى الاعضاء وتلخيص القضايا المعروضة عليه وتبليغ قراراته ويعاونه عدد من الموظفين.

## المادة السادسة:

**يتولى المجلس المهام التالية:**

**أولاً**:رسم السياسة العامة للوزارة وبيان اهدافها والخطة السنوية في ضوء احكام هذا القانون وتحديد الاسس القانونية والادارية والمالية والاقتصادية والفنية التي يرى اتباعها في الوزارة بما يحقق سياسة حكومة الاقليم وتقديم ما يراه من توصيات بشأنها.

**ثانياً**: إعداد موازنة الوزارة وملاكها وتقديم ما يراه من توصيات بشأنها.

**ثالثاً**: تشكيل لجان دائمة او مؤقتة من بين اعضاء المجلس لدراسة المقترحات والمشاكل التي تعترض عمل اجهزة الوزارة و دوائرها او للقيام ببعض المهام الموكلة اليها ودراسة القضايا التي يحيلها اليه الوزير.

**رابعاً**: دراسة مشاريع القوانين التي تنوي الوزارة اقتراحها.

## المادة السابعة:

يرتبط رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف في الاقليم بالوزارة من الناحية الادارية والتنظيمية بهدف تنسيق وتنظيم امور ادارة المحاكم والاجهزة العدلية بالاتفاق مع رئيس مجلس القضاء.

ئەرشیفی وەزارەتی دادی هەرێمی كوردستان

www.mojkurdistan.com

**المادة الثامنة :**

لوزير العدل انتداب القاضي بما في ذلك قاضي في محكمة التمييز الى رئاسة احدى اجهزة وزارة العدل بموافقة رئيس مجلس القضاء في الاقليم.

**المادة التاسعة:**

**أولاً**: تحدد بنظام مهام و اختصاصات تشكيلات الوزارة.

**ثانياً**: للوزير استحداث او دمج او الغاء مديريات او اقسام او شعب الوزارة حسب متطلبات عملها عند لاقتضاء.

**ثالثاً**:للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة العاشرة :**

يلغى قانون وزارة العدل لاقليم كوردستان ـ العراق رقم (١٢) لسنة ١٩٩٢ وتعديلاته وتبقى الانظمة و التعليمات الصادرة بموجبه نافذة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون لحين اصدار ما يحل محلها أو الغائها.

**المادة الحادية عشرة :**

لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**المادة الثانية عشرة :**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ).

**مسعود بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان– العراق**

<u>هەولێر</u>
٥ / رەزبەر /٢٧٠٧ كوردية
٢٧ / ايلول /٢٠٠٧ ميلادية
١٥/ رمضان/١٤٢٨ هجرية

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## الاسباب الموجبة

بغية ترسيخ مبدأ الفصل بين السلطات و استقلال القضاء و احترام الحقوق و الحريات و انطلاقاً من ضرورة تطوير الاجهزة العدلية نظراً لما تتحمله من مسؤولية في تحقيق العدالة فقد اقتضت الضرورة اعادة هيكلة وزارة العدل على اسس حديثة لتكون قادرة على القيام بمهامها القانونية والعدلية و فصل المهام القضائية عنها باعتبارها هي جزء من السلطة التنفيذية مع ايجاد نوع من التنسيق و الترابط بين الوزارة و السلطة القضائية بغية تأمين مبدأ سيادة القانون و تطوير تطبيق القوانين و على هدى الاهداف المتقدمة و لتأمين ذلك فقد شرع هذا القانون.

ئــــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وزارة البلديات**
**مديرية علاقات القانونية**

**رقم : ١٣٠٤٣**
**تاريخ: ٢٠٠٧/١٠/٧**

## بـــيان

نظـرا لانتهـاء المـدة القانونيـة للاعـلان المنـشور فـى صـحيفة ( كوردسـتانى نـوىّ ) المـرقم (٤١٥٨) فـى ٢٠٠٧/٥/٣٠ ولعدم وجود أى اعتراض من قبل اية جهة خلال المدة القانونية البالغة (٣٠) ثلاثـون يومـا بعـد نـشر الاعلان بموجب المادة (٦) السادسة مـن القـانون إدارة البلـديات المـرقم (٦) لـسنة ١٩٩٣ المعـدل و إسـتناداً الى الصلاحية الممنوحة لنا بموجب المادة (٧) السابعة من القانون اعلاة قررنا مايلى :

**١- استحداث ( بلدية نفط خانة) فى قضاء خانقين ،و العائدة الى محافظة السليمانية و بالدرجة الرابعة .**

**٢- ينفذ هذا البيان من تاريخ نشرة فى الجريدة (وقائع كوردستان) .**

**نازه نــين محمد وسو**
**وزيـرة بلديات**

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com